# من و یانەی رۆشنبیری

# شەقلاوە

**هۆشەنگ شێخ محەمەد**



**بەشی دووەم**

**(پێشکەشە بە گیانی بیلال بەرەکەیی)**



لەم بەشەدا ئەمەوێت تیشك بخەمە، سەر چەند لایەنێك لە چالاکییەکانی یانەی رۆشنبیری شەقلاوە بەتایبەتی شانۆگەرییەکانی. بۆ خوێندنەوەی بەشی یەکەم و زانیاری زیاتر لەسەر یانەی رۆشنبیری شەقلاوە تکایە بگەڕێوە سەر ئەم لینکە: roshenbiry.googlepages.com

## کرێ:

سەرەتا بەو شانۆ کورتانەوە دەستمان پێکرد، کە لەگەڵ فیستڤاڵەکاندا نمایشمان ئەکردن، یەکەم شانۆگەری ( کڕێ) بوولەلە یەکەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی یانەدا پیێشکەشمان کرد، لە 1992/11/25، کە چیرۆکێکی "عەزیز نەسین" بوو و ئێمەش بە خۆمان بۆ شانۆمان ئامادەکرد. ئەوانەی لەو شانۆگەرییەدا بەشداربوون و لە یادم مابن ئەو ناوانەی خوارەوە بوون:

1. هەندرێن حەمەدەمین.
2. ئەردەلان عەبدوللا.
3. بەختیار حەمید.
4. هۆشەنگ شێخ محەمەد.
5. هەڵمەت حەمەدەمین.
6. فەرحان ئەحمەد حەسەن.
7. نزار مستەفا.



شایانی باسە ئەم شانۆیە، هەم لە لای خەڵکی زۆر بە باشی پێشوازی لێکراو هەم بۆ ئێمەش بەشداربووانی ئەم شانۆگەرییە سسودێکی گەورەی هەبوو، چونکە رەنگە زۆربەی زۆرمان یەکەمجارمان بوو بێینە سەر تەختەی شانۆ و شەرمان بشکێنین و بتوانین تەمسیل بکەین. ئەمە بێجگە لەو دڵخۆشییە گەورەیەی کە هەموومانی داگرتبوو بەو کارەی کە کردمان، من بۆ خۆم زۆر کەیفخۆشبووم، چونکە بڕوام نەئەکرد وا بە ئاسانی رووبەڕووی خەڵك ببمەوە و قسە بکەم و ئاسایی بێت، هەروەها ئەو بەشەی من تەمسیلم تیادا کرد، لە کۆتایی شانۆیەکە بوو دەوری کەسێکم دەبینی کە لەناو ئاوێکدا دێتە دەرێ دوای ئەوەی خەریك بوو بخنکێ، هەر بەخۆم هەندێ قسەم بۆ چیرۆکەکەی عەزیز نەسین زیادکردبوو و لەسەر زاری ئەو کەسەم گووتەوە.
جێگەی ئەوەیە ئاماژە بەوەش بدەم، چونکە من دەورم لە کۆتایی شانۆکەدا بوو، بۆیە لە کاتی پرۆڤەکاندا من تەماشای برادەرانم دەکرد کە چۆن رۆل دەبینن هەمووماﻥ تێبینیمان دەدایە یەکتری، رەنگە من زیاتر تێبینیم دابێت، هەربۆیە هەندرێن گووتی بۆ ئەوەی شانۆکەمان بە راستی لە شانۆ بچێت پێویستە ناوی دەرهێنەر دابنێین، تۆش زۆر تێبینیت داوە بۆیە ئەڵێین لە دەرهێنانی تۆیە، ئەوەبوو وامان کرد شانۆگەرییەکە بەناوی نووسینی عەزیز نەسین و دەرهێنانی هۆشەنگ شێخ محەمەد بوو، بەلاّم لە راستیدا و بۆ مێژووش ئەوە دەلّێم هەرگیز ئەو شانۆ جوانە لە دەرهێنانی من نەبووە، بەڵکو دەرهێنانی هەموو ئەو کەسانە بوو کە بێ ئەزموون و بێ خوێندنی ئەکادیمی و نەئەکادیمی تەنیا بە رۆحی خۆشەویستێکەوە بۆ شانۆ کاریان دەکرد.

ئەزموونێکی زۆر خۆش و سەرکەوتوو بوو و مایەی رەزامەندی هەموو ئەو کەسانە کە لەهۆڵێکی زۆر بچووکدا بەقەرەپەستانێ جێگەی خۆیان کردبووە. چونکە هۆڵەکە زۆر گچکە بوو بەلاّم رەنگە زیاد لە سەد کەس جێگەیان ببۆوە.

دوای ئەم ئەزموونە زیاتر دڵگەرم بووین کە شانۆی دیکە پێشکەش بکەین، هەروەها هانیشی داین بەوەی هەندێ سەرچاوە لەسەر شانۆ پەیدا بکەین و بخوێنینەوە و شارەزای هەندێ لایەنی شانۆ ببین.

# مرۆڤێکی رووخاو:

دوای ئەو ئەزموونە لە ڤیستڤاڵی سەرەساڵی 1993 واتە لە 1993/1/1 مـن و هەندرێن حەمەدەمین شانۆگەرییەکمان پێشکەش کرد بە ناوی ( مرۆڤێکی رووخاو) کە تا ئێستاش دەستنووسی ئەو شانۆیەم لا ماوە و لە هەڵێکدا ئەویش بلاۆئەکەمەوە.

هەروەها لە هەمان بۆنەدا و رۆژدا شانۆگەری **(هەراج)**یشمان نمایش کرد، هەر لە بارەگای یانەی رۆشنبیری شەقلاوە، کە ئەو ناوانەی خوارەوە تیایدا بەشداربوون:



1. هەڵمەت حەمەدەمین.
2. نزار مستەفا.
3. فەرحان ئەحمەد.
4. قادر محەمەد.
5. بەختیار محمود.
6. ئەردەلان عەبدوللاٌ.
7. هەندرێن حەمەدەمین.
8. یوسف مستەفا.
9. هۆشەنگ شێخ محەمەد.

لەم شانۆگەریەدا هەندێ کاری مۆسیقای تیادابوو کە لە ئامادەکردنی ئازا عەبدوللاٌ بوو.

# دەوڵەمەند و هەژار:

دیسان لە سەرە ساڵی 1994 دا دوو شانۆگەریمان نمایش کردن، یەکەمیان (دەوڵەمەند و هەژار) کە کۆمەڵێ منداڵی ژیکەلە کارەکەیان ئامادەکردبوو ، (گۆڤەند سلێمان) نووسیبووی و منیش دەرمهێنا .

ئەوانەی لە شانۆیەکەدا بەشداربوون ئەمانەی خوارەوە بوون:

1. گۆڤەند سلێمان.
2. بێستون حەمەد.
3. هاوکار جەمیل.
4. تەها وریا.
5. ئاری جەمیل.
6. سەنگەر عوسمان.
7. رزگار خەلیل.
8. عەلی ئیسماعیل.

9. موزەفەر عەلی.
10. دلشێر جەمال.

# چەپکێ گوڵ:

شانۆگەری دووەم لەو ڤیستەڤاڵەدا (چەپکێ گوڵ) بوو لە نووسینی تەڵعەت سامان و دەرهێنانی خالید سلێمان.بەشداربووانیش ئەمانەی خوارەوە بوون:



1. هەندرێن حەمەدەمین
2. هۆشەنگ شێخ محەمەد.
3. یوسف مستەفا.
4. زانا پێشەنگ.
5. فەرحان ئەحمەد.
6. عەدنان تەها.

بە بیرم دێ، لەو شانۆگەریەدا ئەگەر هەوڵی بەردەوامی هەندرێن نەبوایە، من بەشداریم نەئەکرد، چونکە لەناو پرۆڤەکاندا بووین کە کوڕە پۆرێکم مرد و تووشی تازیە بووم، بێتاقەت بووم و نەمدەویست شانۆیەکە بکەم، بەڵام هەندرێن وازی نەهێنا، لە دواهەمین پرۆڤەشدا لە سەر تەختەی شانۆ چونکە ئەو شانۆیەمان لە هۆڵی ئوتێلی سیاحی نمایش کرد،هێشتا دەورەکەی خۆم بە تەواوی لەبەر نەکردبوو، ئەوەشم بە بیر دێ کە هەندرێن تێبینی ئەداینێ و هەندێ ئەندامانی یانەش قسەیان دەکرد و دەنگەدەگیان دەهات، هەندرێن زۆر توڕەبوو، و بە توڕەبوونەوە هەموو کەسەکانی بێدەنگ کردن، بەختیار مەحمود کە دوایی بە (حاجی) ناسرا. دەیگووت ئەوە دکتاتۆرە؟!




# نرخی ئازادی :

لە 1994/3/14 شانۆگەری (نرخی ئازادی)مان

پێشکەش کرد،کە لە نووسینی عەمانوئێل ئیشۆ بوو، و کاك عیرفان ئەحمەد بە دەسکارییەوە بۆ شانۆی ئامادەکردبوو و هەندرێن حەمەدەمینیش دەریهێنا.

شایانی باسە، ئەم شانۆیە یەکەم شانۆ بوو لە مێژووی شەقلاوەدا کە بە تەنیا پێشکەش بکرێت و بڕگەیەك نەبێت لە فیستڤاڵێکدا، بۆ ماوەی 3 ڕۆژ بەردەوام بوو، و هاتنە ژوورەوەش بە بلیت بوو کە نرخەکەی (2) دیناری ئەوکات بوو. بلیتەکانیش لە بارەگای یانەی رۆشنبیری و کتێبخانەی شانۆ و بەردەرگەی هۆڵی سیاحی ئەفرۆشران.

ئەوانەی لە شانۆگەریەکەدا بەشداربوون ئەمانە بوون:



1. هۆشەنگ شێخ محەمەد(شۆڕشگێڕ)
2. هەڵمەت حەمەدەمین(ئەفسەر)
3. یوسف مستەفا(خویندکار)
4. بەختیار مەحمود(حاجی)
5. نەزار مستەفا(بازرگان)
6. فەرحان ئەحمەد(وێنەگر)
7. زانا پێشەنگ (سەرباز 1)
8. بیلال محەمەد(سەرباز2)
9. سەردار تەها(سەرباز3)
10. عەدنان ئیبراهیم(سەرباز4)

شایانی باسە لەم شانۆیەدا کارێکی گەورە لە رووی دەنگ و مۆسیقا و رووناکی تێدابوو، سەرباری بەکارهێنانی هەندێ تەکنیك وەك حیکایەتخوان و حەیران.

کارە مۆسیقییەکان ئازا عەبدوللا کربووی، هەندرێن حەمەدەمین حیکایەتخوان بوو، یوسف مستەفا حەیران بێژ بوو، و کارەکانی رووناکیش بەژدار حوسێن ئەنجامی دان.لە پاڵ ئەمانەشدا ئەوەی سەرپەرشتی کارەکانی کردن و بەڕێوەی بردن ( سامان عەزیز) بوو.

من پێموایە ئەم شانۆیە کاریگەریی زۆر گەورەی هەبوو، چونکە یەکەمجار بوو تیپێکی شەقلاوەیی لە شەقلاوە شانۆیەکی خوەسەر پێشەکش بکات و بە بلیت بێت و کارەکانی رێکوپێك و جوان بن و جەماوەرێکی زۆر گەورە بۆ شانۆ پەیدا بکات و دیتنی شانۆش ببێتە بەشێك لە ژیانی خەڵکی شەقلاوە، ئەوانەی هاتنە دیتنی شانۆیەکە کە بۆ ماوەی 3 رۆژ نمایش کرا، هەموو جۆرە مرۆڤێکی تێدابوو، پیاو و ژن و منداڵ و پیر و موسڵمان و مەسیحی و خەڵکانی ئەوانەی ئەندامانی یانە بوون، ئەوانەی ئەندام نەبوون، بە کورتی ئەو شانۆیە جەماوەری شانۆی لە شەقلاوە دروست کرد.

هەر هەمووکارەکانیش لەسەر ئەرك و ماندووبوونی یانەی رۆشنبیری و ئەندامەکانی بوو، بۆ نموونە بۆ ئەوەی هۆڵەکە تەواو تاریك بکەین، پێویستیمان بەوە بوو چەندین بەتانی و پارچە قوماش لە ماڵەکانمان بێنین بۆ ئەوەی پەنچەرەکانی پێ قەپات کەین، بۆ کارەکانی کارەبا و رووناکی هەر هەموومان بەشداربووین. دروستکردنی لافیتە و ریکلام و ئاگاداری و بلیت دروست کردن و هەر هەموو کارەکان خۆمان ئەنجامانمان دان.

# مەرگ و تارماییەکان:

له یادی هەڵەبجەی ساڵی 1993دا شانۆگەری (مەرگ و تارماییەکان) نمایش کرا، کە لەنووسینی (عوسمان یاسین) بوو، و لە دەرهێنانی هەندرێن حەمەدەمین بوو،

ئەوانەی لەم شانۆگەرییەدا بەشداربوون:

1. یوسف مستەفا
2. هەڵمەت حەمەدەمین
3. فەرحان ئەحمەد.
4. عەدنان تەها
5. زانا پێشەنگ.
6. بیلال بەرەکەیی.
7. قادر محەمەد.





# شێتەکانی ئەم رۆژگارە:

ئەم شانۆیە تێکستی نووسەرێکی یۆنانی بوو، و ئازاد حەمە شەریف کردبوویە کوردی و هەندرێن حەمەدەمینیش دەریهێنا. یەکێك لەو شانۆیانەی کە لە ڤیستەڤاڵێکدا نمایشمان کرد، شانۆیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو و جەماوەریچکی ئێجگار زۆر بینییان، بەشداربووانی ئەم شانۆیە ئەمانە بوون:

1. هۆشەنگ شێخ محەمەد.
2. هەندرێن حەمەدەمین.
3. فەرحان ئەحمەد.
4. زانا پێشەنگ.
5. بیلال بەرەکەیی.
6. عەدنان تەها.
7. یوسف مستەفا.

بەرێوەبەری شانۆ سامان عەزیز.

شایانی باسە لەم شانۆیەدا، هەندرێن حەمەدەمین رۆڵێکی زۆر جوانی گێرا و لەدەوری پیاوێکی نەخۆش بەناوی (برایمە فەندی)و هەروەها یوسف مستەفا دوو رۆڵی لە شانۆکەدا بینی یەکەمیان کوڕی پیاوە نەخۆشەکە بوو، و دووەمیشیان نەخۆشێکی دەروونی. لە هەردووکیشیاندا زۆر سەرکەوتوو بوو.

# ئەسمێلا:

لە ڕۆژی 1994/11/25دا. شانۆگەری ئەسمێلامان ئەنجامدا. بۆ من خۆشترین ساتەکانی ئەو شانۆگەرییە نووسینی شانۆیەکە بوو، کە من و هەندرێن لە هەولێر بووین و لەوێ شەوانە ئەماننوسی، بیرۆکەی شانۆیەکە لەسەر ئەو کەسانە بوون کە ئەچوونە هەندەران و گەڕانەوەیان و کۆمەڵی مەسەلەی پەیوەند بەو بابەتەوە، بیرمە لە گەڵ برادەرێکی




هەندرێن دانیشتین و گووتمان کابرایەك لە خارج هاتۆتەوە و دەیەوێ کچەکەی بە شوو بدات، و کەسی دەستناکەوێت!دیاره ئەو کاتەش زۆربەی خەڵکی و بەتایبەتیش گەنجان هەڵپەی چوونە دەرەوەیان بوو، بۆیە لەگەڵ ئەو کوڕە کەوتینە قسە و باسێك کە جدییانە خۆی ئەنواند و باوەڕیش بکەن زۆر لە قسەکانی ئەو شانۆیەمان لەو قسانەوە نووسین کەلەگەڵ ئەو برادەرە کردمان.

ئەویش شانۆیەك بوو بە تەنیا وەك شانۆ پێشکەش کراو بە بلیت بوو و نرخەکەش (3) دینار بوو و بۆ خوێندکارنیش کەمکردنەوەمان کردبوو و بە (2) دینار بوو، لە ڕۆژی سێیەمی نمایشەکەشدا بە ڤیدیۆ وێنەمان گرتبوو ئێستاش لە سایتی یانەی ڕۆشنبیری شەقڵاوە هەیە و دەتوانرێت تەماشای بکرێت.

شانۆیەکە لە نووسینی هەندرێن حەمەدەمین بوو، دەرهێنان بە ناوی بەشداربووان بوو کە ئەمانەی خوارەوە بوون:



| | |
|---|---|
| هەندرێن | حەمەدەمین(کەسی 1) |
| بەختیار | مەحمود(کەسی 2) |
| هۆشەنگ شێخ | محەمەد(کەسی 3) |
| یوسف | مستەفا(کەسی 4) |
| زانا پێشەنگ | (کەسی 5) |

بەڕێوەبەری شانۆ کاك (سامان عەزیز) بوو.کارە تەکنیکییەکانیش لە ئەستۆی ئازا عەبدوڵڵا بوون.

ئەگەرچی لە شانۆگەرییەكەدا رەخنە لە چوونە دەرەوە و جۆری چوونەدەرەوە دەكرا و كۆمەڵێ پرسیار و بابەتمان وروژاند، بەڵام خۆشییەكەشی ئەوەبوو دوای چەند ساڵانێك بەشداربووانی شانۆگەرییەكە روویان كرد هەندەران و هەر یەكەیان لە وڵاتێكی ئەورووپی گیرسانەوە؟!لەو ناوانەی سەرەوە تەنیا من نەبوومە (حۆڵە) كە ئەم وشەیە لەو شانۆگەریەكدا بۆ ئەوكەسانە بەكاردەهات كە لەدەرەوەن، ئیدی هەموویان بوونە (حۆڵە) و تەنیا من لە كوردستان مامەوە، ئێستاش كە ئەو یادگارییانە من لە كوردستان و هەندرێنیش لە ئەوروپا دەیاننوسێتەوە، و ئەوانەشی كە دەیخوێننەوە و لە ناو رووداوەكان بوون هەموویان ئاهێك و دەیان هەڵدەكێشن و ئەڵێن (خۆزگەم بەوێ رۆژێ كا؟!!!!)

# كەوتنی ژمارەكان:




لە رۆژی 1994/8/27 دا چیرۆكی كەوتنی ژمارەكان شێرزاد حەسەنمان كردە شانۆ، هەندرێن حەمەدەمین زۆر پێیەوە خەریك بوو تا بۆ شانۆی ئامادەكرد.ئەگەر هەڵە نەبم دوو یان سێ رۆژ نمایشمان كرد و شانۆیەكە تۆزێك جەماوەری لە شانۆكانی دیكە كەمتر بوو، بەڵام من ئەوساش گووتم رۆژێك دادێ یەكێك بڵێت لە نۆهەت و چوارەوە لە شەقڵاوەوە كەوتنی ژمارەكان وەك شانۆ نمایش كراوە. ئێستاش دیارە ئەو كەسە منم كە وا دەڵێم، بەڵێ وابوو لە نۆهەت و چواردا كەوتنی ژمارەكانمان كردە شانۆ؟!

بەشداربووان:

1. هەنـــــدرێن حەمەدەمین.
2. یوســـــف مستەفا.
3. هۆشـــەنگ شێخ محەمەد.
4. بـــــەختیار مەحمود.



# باپیرە گەورە:

ئەمە کارێکی زۆر جوانی کۆمەڵە منداڵێك بوو، کە هەر لە یانە و بە ناوی تیپی شانۆی منداڵانی یانەی رۆشنبیری شـــــەقڵاوە دامانمەزراند. چیرۆکەکە لە نووسـینی (دلاوەر قـەرەداغی) بـوو، هەنـدرێن حەمــــەدەمینیش دەریهێنا. بۆ ماوەی چەند رۆژێـك نمـایش کـــرا. یەکـــەم رۆژی نمایـشەکە لـــە یەکـشەمەی 1995/10/1 لــە هــۆڵی قوتابخانەی کاوێس. بەشداربووانی ئەم شانۆگەرییە:




1. بــەختیار مــەحمود ( بـاپیرە گەورە)
2. رەوەنــد ســــلێمان قـــادر.(منداڵـــە قەرەچــی 1) پاشا.





3. کۆچەر مەحمود وەسمان(منداڵە قەرەچی 2) وەزیر.
4. تەها وریا تەها(منداڵە قەرەچی 3) حەکیم.
5. سەروین عەزیز قادر(منداڵە قەرەچی 4) نازەنین
6. ئاری جەمیل حەسەن(منداڵە قەرەچی 5) تولەمار.
7. نیان باسل خۆشناو (منداڵە قەرەچی6)
8. کەژین سلێمان سابر(منداڵە قەرەچی7)
9. حەمید مەحمود حەمید(منداڵە قەرەچی8)
10. دنیا خەلیل فەقێ حوسێن(منداڵە قەرەچی9)
11. نیان باسل خۆشناو(منداڵە قەرەچی10)
12. ئامانج خەلیل کەریم(منداڵە قەرەچی11)

بەڕێوەبەری شانۆ (سامان عەزین) و مۆسیقا و مکیاژ ئازا عەبدوللا.

دیارە ئەوەی سەرەوە کورتەیەك بوو لەو شانۆیانەی کە لە یانەدا پێشکەشمان کردن، لە ناو لاپەڕە زەرد و کۆن و بێسەروبەرکانی یانە کە تا ئێستا ماون و هەندێکیان لە لای کاك ئازا عەبدوللاّ و هەندێکیان لای هەندرێن حەمەدەمین و هەندیّ شتیش کە لە یادەوەرییەکانی مندا ماون ئەو بابەتەی سەرەوەیان پیّ نووسیم، کە هیوادارم بە سوود بێت بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت شتێك لەسەر شانۆی یانەی ڕۆشنبیری شەقلاّوە بزانن.

بێگومان لە کاتی پێشکەشکردنی شانۆیەکان چ ئەوانەی لەگەڵ ڤیستڤاڵەکان بوون و چ ئەوانەی بە جیا بوون، دڵخۆشی و شادییەکی گەورە بوو بۆ هەموو ئەندامانی یانە و ئەو خەڵکەی دەهاتە پێش شانۆیەکان و زۆریشیان تێر پێئەکەنین، بەلاّم لەوانەش خۆشتر ئەو ساتانە بوون کە هەموومان لە یانەدا کۆئەبووینەوە و یان بە ئێواران یان بە شەوان پرۆڤەمان ئەکرد،

لەو ماوەیەدا من ماڵم لە دوو شوێنی شەقلاّوە بوو، لە شانۆگەرییەکانی کرِی و هەڕاج دا لە ناو باخچان بووین، هاتووچۆی هەموو برادەران بە پێیان بوو، هەریەکەمان لە شوێنێك ئەهاتین و لەویّ کۆئەبووینەوە، لە شانۆگەرییەکانی دیکەدا لە سەرمەیدان بووم، ئەو تۆزێچك دوورتر بوو، بەلاّم دیسانیشەوە بە پێیان بە خۆشییەوە ئەهاتین و ئەچووین، بەتایبەتیش لەو ماوەیەدا من و یوسف مستەفا زیاتر بەیەکەوە ئەچووین و پرۆڤەمان ئەکرد و ئەهاتینەوە.

لە شانۆگەری کریدا دنیا زۆر ساردبوو، بەفر باریبوو و ببووە شەختە، منیش گوایە لە ناو دەریایەك دێمە دەر و ئەبێت لەشم تەڕ بێت.هەڵمەت حەمەدەمین جلێکی نایلۆنی هەبوو دایە من و گووتی لەبن جلەکانی دیکەت لەبەری بکە تا سەرمات نەبیّ، من لە بنەوەی تەختەی شانۆ درێژببووم تا ڕۆڵم دێت، هەڵمەتیش وردە وردە ئاوی بەسەر و گێلاکم دا ئەکرد و تەڕی ئەکردم؟!

بەلاّم بەراستی ئەو ساتانە خۆش بوون، یەکەمجارم بوو بێمە سەر تەختەی شانۆ و لە ڕووی جەماوەردا تەمسیل بکەم و قسە بکەم و جولاّنەوە و بزاف و دەنگ هەڵبڕین و دەور ببینم، لەبیرمە کە دەستم بەقسە کردن کرد، کەسم لە جەماوەر نەئەدی، چاوم لەسەر کەسیان ڕانەئەوەستا، تەنیا زۆر کەم نەبێت لە ناو جەماوەرەکەدا (شوانم حەسەنم) بینی، کە دوایی بۆی باس کردم گووتی منداڵێك لە تەنیشتمەوە بوو، گووتی : "بەراستی ئەوە تەڕە؟!" گووتی منیش پێمگووت "نا کوڕە تەڕی چی ئەوە مادەیەکیان لە سەری دایە خۆ ئاو نیە!" ئەویش گووتی: بەراستە ئەوە تەڕ نیە؟! گووتم وسبە لێگەڕیّ با تەماشا کەین.

لەدەست نیشانکردنی شانۆکاندا "هەندرێن حەمەدەمین" بە زۆری دەستی لە هەڵبژاردنیان هەبوو، هەم خۆی حەزی لە شانۆ بوو و هەمیش بەدوای تێکستی چاکدا ئەگەڕا، دوای ئەوەش وایلێهات خۆمان دەست بەنووسینی شانۆ بکەین، ئەسمێلامان بەیەکەوە نووسی، پیاوێکی ڕووخاوم نووسی، لە دواییشدا شانۆی (ژینۆ و سەفەری خۆر)مان نووسی، بەلاّم بەداخەوە تێکستی شانۆیەکە بزربوو و نەکرا بە شانۆ، کە یەکێك بوو لە خەونە گەورەکانی من و هەندرێن و لە ئەنجامی مناقەشەی چەندین شەو لەسەر خۆشەویستی و چیرۆکی عەشقەکانمان و ڕامانمان لە خۆشەویستی دا نووسیبوومان، زۆر شەوان هەر لە ماڵی ئەوان دائەنیشتین و تا درەنگان و بەیانیان خۆمان غەرق ئەکرد لە وشە و شانۆ و دوکەڵی جگەرە و خەون و خولیای سەیر وجوان.

(دوو وێنەی جەماوەری شانۆگەرییەکانی یانەی ڕۆشنبیری شەقڵاوە کە تیایدا دیارە هەموو تەمەنەکانی تێدابوو و هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ ئامادەی شانۆگەرییەکان ئەبوون)







سامان عەزیز بەڕێوەبەری زۆربەی بەرهەمەکانی شانۆگەریەکانی یانەی ڕۆشنبیری شەقڵاوە.



ئلزا عەبدوللا کە زۆربەی کارە مۆسیقییەکانو تەکنیکییەکانی ئەنجام ئەدان.